" بۆ مامۆستا گۆرانی خۆشەویست"

# باوانەکەم

**سولەیمان فەرشی**

**خەمێک بۆتە هەوا، تێکەڵ هەناسم بووە. هەموو رۆژێک، هەموو ساتێک هەڵی دەمژمم، لە نێو لەشمدا دەسوتێ، وشەم نییە بۆ دەربڕینی ئەو خەمە.**
**پەرەسلێرکەکان رۆخساری رۆژ دەچرژێنن. کۆترە تەقڵەبازەکان نە هەڵدەفڕن و نە تەقڵە لێدەدەن.**
**خەمێک بۆتە خوێن هەموو دەمارەکانی نێو لەشم بە ئەسپایی دەپێوێ، دەبێتە تۆز لە سەر باڵی ناسکی پەپولەکانی وا لە نێو دڵمدا هێلانەیان کردوە.**
**دایە گەورە پێم دەڵێ:" باوانەکەم خەمێ مەخۆ! هەزار و یەک هەودام پێیە، هەزار و یەک دەنگم هەیە، لە سەرڕاوە ئاسمانێکی دیکەت بۆ دەچنم، هەموو ئەو ئەستێرانەی وا خۆشت دەوێ، دیکەمە گوڵدۆزی لەشی ئاسمانەکەت. کۆترەکانیش فێر دەکەم وەکوو ئاواتەکانی تۆ تەقڵە لێدەن و بەرز بەرز بفڕن.**
**خەمێک بۆتە جاڵجاڵوکە خۆی بە هەودا ناسکەکانی خەیاڵی منەوە هەڵواسیوە، لە بەر رۆشنایی و سۆمای چاوی من جۆلانە دەکا.**
**لە ناو گەڕام، ناوێکی لێنێم، هەزار و یەک ناوم هەبوو لە هەمبانەی بۆرینەی دڵمدا، کوا دەمتوانی لە ناو ئەو هەموو ئەستێرەدا ناوێک هەڵبژێرم!؟**
**وشەکانی من**
**بوونەتە نانی سووتاوی سەر سێڵی قەرجێک، بوونەتە هاسکە هاسکی سەگی راوچی بێ تەماڵ. بوونەتە هەوێنی ئەو خەمە!**
**باوانەکەم خەمێ مەخۆ!**
**ملوانکەیەک دەهۆنمەوە بە مرواری دەریای دڵم، دیخەمە گەردنی هەموو ئاواتەکانی تۆ.**
**دایە گەورە! خەم ئەستۆمی یەخسیر کردووە، بۆتە گیۆتین، سەری هەست و ئاواتەکانی من دەقرتێنێ!**
**کوا بە یەکجار پێکەنین هەڵدەپریوێ ئەو خەمە؟!**
**لەشم بۆتە قاوغی ئەو خەمە، لە گەڵ خۆیدا بۆ هەموو لایەکم دەگێڕێ.**
**ئەوانەی وا بخوازن بژاری ئەو خەمەی من بکەن ئێستا چاویان نەپوشکوتووە!**
**ئەونەی وا پێدەکەنن و چاویان هەڵدەگڵۆفن راوی خەمیان نەکردووە.**
**بۆخۆشم سەیرم پێی دێ، تیشکی هەستم بۆتە سێبەری ئەو خەمە!**
**ناڵەی جوداییش بە هێمنی دەکەم بە قوڕگی ئەو خەمەدا، دانامرکێ و چزووی دەخاتە ناو لەش و هەستم.**
**باونەکەم خەمێ مەخۆ!**
**چوار دار هەنارم هێناوە، گوڵی پەیوندیان هەڵداوە، ترش و شیرین تێکەڵ دەبن، تاڵی و سۆری دەبنە شەراب بۆ رۆژی لە دایک بوونت. بە خۆڵی ئەو خەمە جەرەیەکم چێ کردوە، پڕ لە ئاوی حەیات بۆتی دێنم...**
**باوانەکەم خەمێ مەخۆ،بەهار دادێ و خەمیش دەڕوا...**
7.11.2005